# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی،رۆشنبیری گشتییە،حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە تۆبەرەی 1-7-2000 بڵاوبۆتەوە،ژمارە (254) یەکشەممە 2015-01-11

## وڵاتان پێشنیار بە ئێران دەدەن

بڕیار وایە تا کۆتایی مانگی ئازاری ئەمساڵ کۆماری ئیسلامی ئێران وەڵامی پێشنیارەکانی مافی مرۆڤی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بداتەوە کە سەبارەت بە باشکردنی مافی مرۆڤ پێشکەشیان کردووە.

١٠٤ وڵات پێشنیاری خۆیان پێشکەش بە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە و راشکاوانە خواستوویانە تا مافی مرۆڤ باش بکات.

هەر سێ وڵاتی فەرەنساو نەمساو ئوستراليا لە پێشنیارەکانیدا راشکاوانە باسیان لە پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی کورد کردووە، پازدە وڵات دیکەش داوایان کردووە کە سیاسەتی هاوێرکاری کۆتا بکرێ و مافی کەمە نەتەوەکان دابین و مسۆگەر بکرێ.

# خەلیفە نوێکەی عوسمانلی بەهۆی پشتیوانیکردن و هاوکاریکردنی بۆ گرووپە تیرۆریستیەکان دادگەیی دەکرێ

تەیب رەجەب ئەردۆگان، سەرکۆماری تورکیا بەهۆی هاوکاریەکانی بۆ گرووپە توندڕۆکانەوە دووچاری لێپرسینەوەو دادگەیی کردن دەبێتەوە.

ئەردۆگان کە هەمیشە پشتیوانی لە ئیخوان موسلیمین و گرووپە توندڕۆکانی جیهانی ئیسلامی دا کردووە، ڕووبەڕووی تەنگژەو ئاڵۆزی دەبێتەوەو شیمانەی ئەوە دەکرێ لە ساڵی ٢٠١٥ بەوهۆیەوە وڵاتەکەی دووچاری قەیران و کێشەی دیبلۆماسی گەورە ببێتەوە.

مێدیاکانی جیهان ئێستا لەهەموو کاتێک زیاتر باس لە هەبوونی بەڵگەی پێوەندی و هاریکاری نێوان پارتی دادوگەشەپێدان بەسەرۆکایەتی ئەردۆگان و ڕێکخراوی داعش بە ڕێبەرایەتی ئەبووبەکر بەغدادی دەکەن، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو قەیرانەی کە لە داهاتوودا بەرۆکی تورکیاو پارتی دادوگەشەپیدانی دەستەڵاتدار دەگرێتەوە.

لەتەمموزی ٢٠١٢ ئەردۆگان لەبەردەم جەماوەرێکی زۆردا پاساوی بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری سوریا و کێشەکانی ئەو وڵاتە هێنایەوەو گوتی: (ئێمە نەوەی سەلجوقیەکان و پاشماوەی دەوڵەتە باڵاکەین، پارتی دادوگەشەپێدان لە ڕەگی قوڵیدا گیانی سەلجوقی و عوسمانلیەکانی هەڵگرتووە، لەسەر هێڵی باپیرانمان لە سوڵتان ئەلپ ئەرسەلانەوە تا سوڵتان محەمەدی فاتیح دەڕۆین)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا خەونی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی بەرجەستە دەکات، بەوهۆیەوە شارەزایان و سیاسەتمەدران نازناوی سوڵتانە نوێکەی عوسمانلیان بە رەجەب تەیب ئەردۆگان بەخشیوە، بەڵام ئەم سوڵتانە نوێیە لەوەتەی جڵەوی دەستەڵاتی گرتۆتەدەست ناکۆکی و ململانێی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ڕەفتارو هەڵوێستەکانی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی لەلای هاوپەیمانە دێرینەکانی تورکیا دروست کردووە، بەردەوام بە هاوکاری و پشتیوانیکردنی گرووپە تیرۆریستیەکان تۆمەتبار کراوە.

بۆلاپەڕە 3




## بەهۆی سیاسەتەکانی ئەمریکاوە ئەگەری جەنگێکی دیکە دێتەئاراوە

دوای ئەوەی باراک ئۆبا وازۆی لەسەر فراوانکردنی سزاو گەمارۆکانی سەر کۆریای باکوور کرد، لیژنەی داکۆکی نیشتمانی کوریا کە کیم جۆن ئون سەرۆکی وڵات سەرپەرشتی دەکات بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو رایگەیاند: دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان پاشەکشە لە سیاسەتی دوژمنکارانەی دژ بە کۆماری دیموکراتی کۆریا بکات دەنا رووبەڕووی هێرشێکی وێرانکار دەبێتەوە.

دوای ئەوەی هێرشێکی ئەلەکترۆنی کرایە سەر کۆمپانیای سۆنی پیکچەرز و کۆریای باکور بەو هێرشە تۆمەتبار کرا، باراک ئۆبای سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فەرمانی دا کە گەمارۆکانی سەر کۆریای باکور بەرفراوانتر بکرێ، بەڵام کۆریای باکور ئەو تۆمەتەی رەتکردۆتەوەو رایگەیاندووە کە ئەمریکا لە خۆراوە شەڕ بە وڵاتەکەی دەفرۆشێ بۆیە چیتر پەسند ناکرێ و بە توندی وەڵامی دەدرێتەوە.

جێی ئاماژە پێکردنە کە روسیاو ئێرانیش بەردەوام گلەیی لەو سزایانە دەکەن کە ئەمریکاو هاوپەیمانانیان بەسەریاندا دەسەپێنن و بە ناڕەوایان دادەنێن و هەڕەشەی وەڵامدانەوەی هاوشێوە دەکەن.

چاودێرانی سیاسی نیگەرانن و ئەو هەڕەشانە وەک مەترسی لێکدەدەنەوە، پێیانوایە ئەگەر ئەمریکا درژە بەو سیاسەتانەی بدات، لەوانەیە لە داهاتوودا شەڕێکی دیکەی جیهانی هەڵبگیرسێ، بەوهۆیەوە دەخوازین کە نەرمی بنوێندرێ و جیهان لە شەڕێکی وێرانکار بپارێزرێ.

## ئەمریکا داکۆکی لە پەیەدە دەکات

لە وەڵامی ئەوەی کە رەجەب تەیب ئەردۆگان ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) بە تیرۆریست هێنابوو، ماری هارف وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دووپاتی کردەوە کە پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) ناوی لە لیستی تیرۆردا نیە و لە یاسای ئەمریکادا پەیەدە لە پارتی کرێکارانی کوردستان جیاوازە.

دوای ئەوەی لە هەفتەی رابردوودا ئەردۆگانی سەرکۆماری تورکیا لە زانکۆی یلدریم بەیازید دا لە وتارێکدا گوتبووی کە پارتی کرێکارانی کوردستان و پەیەدە باڵی سوریای ئەو پارتە ئامانجیان پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە لە باکوری سوریا، ماری هارف وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نا راستەخۆ وەڵامی ئەردۆگانی دایەوەو داکۆکی لە پەیەدە کردو رایگەیاند کە پەیەدە لە لیستی تیرۆری ئەمریکادا نیەو بە گوێرەی یاسای ئەمریکا پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی یەکێتی دیموکرات دوو پارتی جیاوازن.

وەک ئاشکرایە پەیەدە پێڕەوی لە ڕێبازی عەبدوڵلا ئۆجەلان دەکات و بە ڕێبەری گەل دەیناسێ.

## رۆژەڤ

لەوەتەی ڕێکخراوی داعش سەری هەڵداوە بێپەروا درێژەی بە رەشە کوژی و سەربرینی خەڵکی سڤیل لە سوریاو عێراق داوە، مخابن بەپاساوی دژایەتی کردنی بەشار ئەسەد و هەوڵدان بۆ رووخاندنی رژێمەکەی، جیهان چاوی لە تاوانانە کانی داعش پۆشی بوو، تەنانەت تورکیا و قەتەرو سعودیە بێوەستان هاوکاری و پشتیوانی داعشتان دەکرد، ئەمریکاش بەو کارانە بزەی دەهاتێ ، ئیدی رۆژ دوای رۆژ داعش گەورەو بەهێزو داراتر دەبوو.

دوای ئەوەی بە پیلانێکی گشتگیر و بەهاوکاری و ئاسانکاری سەرۆک هۆزەکان و هەندێک هێزی بەناو سوننە لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ داعش هێنرایە موسڵ و شارەکەی رادەست کرا، ئیدی تورکیاو وڵاتانی عەرەبی شاگەشکەبوون و بۆ رووخاندنی بەغداد چرکە ژمێریان دەکرد و ماکینەی راگەیاندنیان بۆ وەگەڕ خستبوو، خۆشبەختانە داعش نەیتوانی بەغداد و کەرکوک بگرێ، ئیدی بەرەو هەرێمی کوردستان بایدایەوە، کوشتنی کوردانی ئێزدی کردە ئامانج، ئازادیخوازان و ڕێخکراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ هاتنە سەر هێڵ ، بەناچاری هاوپەیمانێتی دژ بە داعش پێکهات و فرۆکەکانی هاوپەیمانان هێرشیان کردە سەر مۆڵگەکانی داعش، هێزی پێشمەرگەش ئازایانە بەرسنگی لە داعش گرت. بەوهۆیەوە داعش هەستی بەنزیکبوونەوەی مەرگ کرد، بۆیە ستراتیژی خۆی گۆری، بۆ خۆ دەربازکردن بریاری داوە کردەی تیرۆریستی لە وڵاتانی ئەورویا ئەنجام بدات. هەفتەی رابردوودا داعش لە نێو وڵاتی فەرەنسادا هێرشی کردە سەر هەفتەنامەی چارلی ئێبدۆ، لەو هێرشەدا ١٢ کەس کوژرا، ئیدی جیهانیان لە مەترسی ئەو ڕێکخراوە بە ئاگاهاتوون، خوازیارن بۆ سڕینەوەی هەڕەشەکان توندتر لە داعش بدرێ.

حیزبایەتی لە نێو وەزارەتی پێشمەرگە قەدەغە دەکرێ
بۆ لاپەڕە ٣

هەنگاوێک بۆ یەکلایی بونەوە
بۆ لاپەڕە ٥

خۆشەویستی بۆ فێرگە یارمەتی سەرکەوتنی فێرخواز دەدات
بۆ لاپەڕە ٧